ترەمپ هەڕەشە دەکات: ئەگەر نادەین گەمارۆی سەر ڤەنزوێلا بشکێنرێت

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڕەشە دەکات و ڕایگەیاند، ئەگەر بە هیچ کەسێک نادات کە گەمارۆی سەر ڤەنزوێلا پێشێل بکات.

دۆناڵد ترەمپ لە وتارێکدا ڕایگەیاند، "ئەگەر بە هیچ کەسێک نادەین گەمارۆی سەر ڤەنزوێلا پێشێل بکات، ئێوان نەوتەکەی ئێمەیان بردوە، ئێمەش دەمانوێت دوای ئێوەی کەمپانیاکانمان دەرکرد، نەوتەکەمان بگەڕێنێنەوە".

کەمپانیای نەوتی دەوڵەتی ڤەنزوێلا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی گەمارۆی دەریایی لەلایەن دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکاوە، تائێستا بەردەوامە لە هەناردەکردنی نەوتی خاو بەبێ پچڕان.

دۆناڵد ترەمپ فەرمانی گەمارۆدانی سەرجەم کەشتییە نەوتهەڵگرەکان دەرکرد کە کەوتونەتە ژێر سزاوە لەکاتی چونە ژوورەوە و دەرچونیان لە ڤەنزوێلا، ئەوەش لە دوایین هەنگاوی واشنتن بە زیادکردنی فشارەکان بە سەر حکومەتی نیکۆلاس مادورە، سەرۆکی ڤەنزوێلا.